یەكەمین ماڵپەڕی كوردی تایبەت بە پرسیار و وەڵامی شەرعی

# ئینتەرنێت

## دەروازەیەك بۆ تاقی كردنەوەی

## باوەڕ و ڕەوشت و ژیری

ئامادەكردنی

پشتیوان محمد كەلاری

لە بڵاوكراوەكانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەكان

ba٨.org - walamakan.com

بسم الله، والحمد لله، والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن اهتدى بهداه ، أما بعد:

## دەروازە

ئینتەرنێت گەورەترین شۆڕشێکە سەری هەڵدابێت لەجیهانی زانستدا وەبەربلاوترین گۆڕەپانە بۆ تاقی کرنەوەی ((باوەڕ و ڕەوشت و ژیری)).

چاکەکردن دەرگای والآیە وەهەروەها خراپەکاریش دەرگای والآیە.

ئەو کەسەی ئالوودەی ئینتەرنێتەو بەکاری دەهێنێ ئازادە لەهەر ووتەیەك کە دەیڵێ و بەئارەزووی خۆی ئەڕوانێ ، نەچاودێر هەیە و نەبەربەست و نەسنوور!!

بەلأم ئەگەر هاتوو ئەو کەسە ئارەزوو خوازبوو بەچاکە ، و ودووربین بوو وەپاشەڕۆژی لەیادبوو ئەوە

خوای گەورە دەکات بەچاودێر و تووشی تـاوان نابێـت، وەبەپێچەوانەشەوە:

ئەگـەر سـنووری بـۆ ئارەزووەکـانی دانـەنا وشـوێن ئـارەزوو و مەبەسـتەکانی کـەوت وەپاشـەڕۆژی لـەیاد نـەبوو ئـەوە بـێ گومـان دەکەوێتـە داوی تاوانـەوە وەسەرئەنجام تووشی سەرشۆڕی و زەلیلی ئەبێت.

بۆیە مرۆڤی ژیر ئەو کەسەیە ئینتـەرنێت بـۆ کـاری چاکەخوازی بەکاردەهێنێت. وەپشت بەخۆی نابەستێت بەڵکو خودا دەکاتە چاودێرو پاڵپشتی تاوەکو نەکەوێتە نێو گێـژاوی تاوانـەوە کەسـەرفرازبوون لـەو گێـژاوە زۆر ئەستەمە.

بۆیـە پێویسـتە هـەر کاتێـك بەشـداری ئینتـەرنێت دەکـەیت دەبێـت بەشـداری کرنەکـەت شـەرعی بـن و قەدەغەکراو نەبن وەکو ((نووسـینی بابـەت و کـۆمێنتی نـارەوا و نابـەجێ ، جنێـودان و فریـودانی خـەڵك ، بڵاوکردنەوەی دەنگوبـاس و هـەواڵی بـێ بناغـە و درۆ ، کردنـەوەی سـایتە بەدڕەوشـتیەکان...)) وە هـەرکاتێك ڕەخنەیـەکت لەبابـەتێك هـەبوو پێویسـتە ڕەخنـەکانت زانستی بن.

* * * * * *  *

## زەنگی ئاگاداركردنەوە

مرۆڤی ژیر دەبێت ئاگاداری هەنگاوەكانی شەیتان بێت, شەیتان بەردەوام لەهەوڵی لەخشتەبردنی مرۆڤە بەرەو تاوان و خراپەو دووركەوتنەوە لەخوا, وەكو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿.....وَلاَ تَتَّبِعُواْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴾ البقرة١٦٨

واتە:شوێن هەنگاوەكانی شەیتان مەكەون چونكە بێگومان ئەو دوژمنێكی ئاشكراتانە.

پێویستە متمانە بەم دوژمنەمان نەكەین باچەند خاوەنی دین و ئاین و زانستیش بین بەڵكو تەنها پشت بەخوا ببەستین بۆ ئەوەی پارێزراومان بكات لەكاری تاوان و خراپەكاری, هەر مرۆڤێك پشتی بەخۆی بەست

ئەوە سەرئەنجام تووشـی تـاوان دەبێـت وەهەرکەسـێك پشتی بەخودا بەست ئـەوە بـێ گومـان خـودا لـەتاوان دەیپارێزێت.

## تاقی کردنەوە

ئینتـەرنێت گـەورەترین قوتابخانەیـە بـۆ تـاقی کردنـەوەی ئارەزووەکـان, ئەگـەر چـاوێك بەقورئانـدا بخشێنین بۆمان دەردەکەوێت کەیوسف _علیه السلام_ کـە یەکێکـە لەپێغەمبـەرەکان کاتێـك تووشـی تـاقی کردنـەوە بـوو لەلایـەن (خێزانـی عـەزیزی میسـر) لەبەرامبـەر ئارەزووەکـانی بەپەلـە هـەڵهات و متمانـەی بـەخۆی نـەکردو پـەنای بردە بـەر خـودا وەپاشـان

فەرمووی: ئەگەر خودا پارێزەرم نەبوایە ئەوە تووشی داوێن پیسی دەبووم.

بڕوانە ئەی ئیمانداری خۆشەویست قوتابخانەی (یوسف) قوتابخانەی باوەڕو ڕەوشتە وەخوای گەورە ئەم بەندە خۆشەویستەی خۆی دەرباز کرد لەگێژاوی ئەو تەڵەکەیە چونکە پەنای بۆ خوا برد ، نابێ بڵێی زۆربوونی خراپەو ڕووتی زۆرێك لە ئافرەتان و ئارەزووە زۆرەکانمان ناتوانین ئارام بگرین .

ئێمە نموونەی (یوسف)ت بۆ باس دەکەین بۆ پەند وەرگرتنی هەموومان کورتەیەك لەو هۆکارانە باس دەکەین کە لەلایەن ژنەکەی پاشای میسرەوە بەکارهێنرا بۆ لە خشتەبردنی یوسف – علیه السلام –

و ڕاکێشانی بۆ داوێن پیسی، کە بەڕاستی مەکر و فێڵی ئەو ئافرەتە تاقیکردنەوەیەکی زۆر گەورە بوو بۆ یوسف، و ئەگەر فەزڵ و بەخششی خوای گەورە نەبوایە ڕزگاری نەدەبوو، گەورەیی ئەم تاقیکردنەوەیەش لەوەدا دەردەکەوێت کە هەموو شتێك ئاسان و فەراهەم بوو بۆ ئەوەی یوسف ئەو تاوانە ئەنجام بدات لەوانەش:

یەکەم : ئافرەتەکە خۆی بانگی یوسفی کرد ئەمەش ڕێخۆشکارێکی گەورە بوو، چونکە بانگ کردنی پیاو لەلایەن ئافرەتەوە وەکو بانگ کردنی ئافرەت نیە لە لایەن پیاوەوە، کە ئافرەت بانگی پیاوی کرد ئەو کات ئەو لەمپەرە دەرونیانەی کە لەلای پیاو هەیە

نامێنێت، وەکو ترسان لە خۆبەدەستەوەنەدانی ئافرەتەکە یاخود هاوارکردنە کەسوکار و... هتد.

دووەم : یوسف لە ماڵەکەیاندا بوو واتە کەسێکی نامۆ نەبوو تاوەکو خەڵکی گومان لە چوونە ژوورەوەی بکەن.

سێیەم : ئافرەتەکە هەموو دەرگاکانی کۆشکی داخست کە ئەمەش ترسی ئەوەی نەهێشت خەڵکی پێیان بزانن.

چوارەم : هانی یوسفی دەدا بۆ ئەوەی ئیشە خراپەکەی لەگەڵ بکات.

پێنجەم : یوسف گەنج بوو پاڵنەری زیناش لای گەنج زۆر زیاترە.

**شەشەم** : ئافرەتەکـە گـەورەی یوسـف بـوو دەبـوو گوێڕایەڵی بوایە لە هەر فەرمانێك كە پێی دەكرد.

**حەوتەم** : یوسـف كۆیلـە بـوو پاڵنـەری زینـاش لای كۆیلە زیاترە وەك لە كەسێكی ئازاد، چونكە كۆیلە هەر بە چاوی سووكەوە سەیر دەكرێت، بۆیە لە ئابڕوچـوون ناترسێت.

**هەشـتەم** : یوسـف كەسـێكی نـامۆ بـوو لـە وڵـاتی میسر، كەسی غەریب و نامۆش لە ئابڕوچوون ناترسـێت وەكو كەسێك كە خەڵكی وڵاتەكە بێت.

**نۆیـەم** : ئافرەتەكـە جـوان بـوو، پاڵنـەری زینـاش لەگەڵ ئافرەتی جواندا زۆر زیاترە.

دەیـــەم : ئافرەتەکـــە خـــاوەن دەســـەڵات بـــوو دەیتوانی ئەگەر یوسف ئاشکراش بێت بەرگری لێبکات.

یانزەیەم: مێردی ئافرەتەکە غیرەتی نەبوو، چونکە سەرەڕای ئەوەش کە بـە ژنەکـەی زانـی پێـی وت داوای لێخۆشبوون بکـە بـۆ تاوانەکـەت و کاردانـەوەی خراپـی نەبوو.

دوانزەیەم: ئافرەتەکە جگە لە خـۆی مـەکر و نـازی ئافرەتانی تریشی بەکارهێنا.

سیانزەیەم: هەڕەشەی ئەوەی لـە یوسـف کـرد کـە ئەگەر زینای لەگەڵ نەکات ئەوا سجنی دەکات.

سەرەڕای هەموو ئەو ئاسـانکاریانە یوسـف – علیـه السلام – کۆڵی نەدا و ئـارامی گـرت، و داوای لـە خـوای

گەورە کرد ڕزگاری بکات، ئەویش وەڵامی دایەوە و ڕزگاری کرد.

دەسا گەنجانی بەڕێزمان یوسف ئاسا بە سەبر و ئارام بن، و ڕەزامەندی خوای گەورە زاڵ بکەن بەسەر چێژێکی کەمی دونیاییدا کە لە پاش تەواو بوونی هەست بە بێزاری و پەشیمانی و بێتاقەتی و تاوانباری دەکەیت.

* * * * * *  *

## ١ــ بــەکارهێنانی ئینتــەرنێت بــۆ مەبەســتێکی دیاری کراو:

پێویســـــتە کاتێـــــك ئینتـــــەرنێت بـــــەکاردەهێنی ئامـانجێکی دیـاری کـراوت هـەبێت و لـەکاتێکی دیـاری کــراودا و بــۆ مەبەســتێکی ڕوون و ئاشــکرا بــەکاری بهێنیت, بەڵام لەکاتی بێ مەبەست گەڕان بەئینتەرنێتدا بـێ گومـان تووشـی تـاوان دەبیـت و کـاتیش بـەفیڕۆ دەدەیت.

## ٢- لەخواترسان (التقوی):

لەخواترســـــان گـــــەورەترین قـــــەڵغان و بەربەســـــتە لەبەرامبـــەر تـــاوان وەکـــو ئیمـــامی (ابـــن الجـــوزی) فەرمویـەتی: ((ئـەی ئـەو کەسـەی لـەخوا دەترسـیت و خاوەنی باوەڕیت, باوەڕو کـردەوە چـاکەکانت مـەگۆڕە

بەکەساسی تـاوان و خراپـە, و ئـارام بگـرە, و لەشـوێن ئارەزووەکانـــت هـــەنگاو هـــەڵ مـــەگرە)) پاشـــان دەفەرموێت: ((زاڵ بوون بەسەر تاواندا گەورەترین چێژ وەرگرتنە, باشە نـابینی ئـەو کەسـەی تـاوان بەسـەریدا زاڵبووە چەندە داماو و کەساسە)).

پێویســـتە مرۆڤـــی موســـڵمان کاتێـــك ئینتـــەرنێت بەکاردەهێنیٚ دووربکەوێتەوە لـەو سـایت و ماڵپەڕانـەی کەووروژێنـــەرن ، هـــەروەها لـــەو پێگانـــەی کـــە وتـــەی ناشرینی تێـدا بلاٚودەکرێتـەوە هـەروەها لـەو بابەتانـەی کەئارەزووت ئەبزوێنن وە لەو وێنانەی کەئابڕووبەرن.

ئەگەر مـرۆڤ ئارەزووەکـانی دوورنەخاتـەوە لـەکاری خراپـە ئـەوە بـیٚ گومـان شـوێنی دەکـەویٚ و ئـەنجامی

ئـەدات, وەنموونـەی ئـارەزووی مـرۆڤ وەکـو کەرەسـتە داگیرسـاوەکانە وەکـو (نـەوت_ بەنزین...هتـد), هەرچـەندە لـەئاگرەوە دووربێـت ئەوەنـدە پـارێزراوتر دەبێت, وەبەپێچەوانەوە هەرچەندە نزیك بێت ئەوەنـدە ئارەزووەکان زیاتر دەبزوێن.

٣. **نەزەر نەکردن**: هۆکارێکی تر بۆ سـەرفرازبوون و دەربازبوون لەتاوان (نەزەر نەکردن)ە.

لەبەر ئەوە ئینتەرنێت چەندەها وێنـەی ئابڕووبـەری تێدایە پێویستە مرۆڤ چاوی خۆی لـەو وێنانـە بپارێزێـت بـۆ ئـەوەی دڵـی هەسـت بـەئارامی بکـات چـونکە چـاو ئاوێنـەی دڵـە وەچاوپۆشـین دەبێتـە مایـەی بەربەسـتکردنی ئارەزووەکـان, وەخـوای پـەروەردگار

دەفەرموێت: ﴿قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ﴾ النور ٣٠

واتە : ئەی پێغەمبەر به پیاوانی ئیمانداران بڵێ : با چاویان بپارێزن (لەسەرنجدانی ئافرەتانی نامەحرەم) هەروەها نامووس و عەورەتی خۆیان لەحەرام بپارێزن بێگومان ئەوە پاکترو پوختترە بۆیان (بۆ دڵ و دەروون ورواڵەت و رۆح و لاشەیان) بەڕاستی خوا ئاگادارە بەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەی کە دەیکەن .

٤. ووردبوونەوە و جەخت کردنەوە:

مرۆڤ لەئینتەرنێت زۆر هەواڵ و بابەت دەخوێنێتەوە یان دەیبیستێ بۆیە پێویستەووردبێتەوە لەو بابەتانە نەوەك درۆبن وەپێویستە بەڕاستەوخۆی بلاوّیان نەكاتەوە تاوەكو دڵنیا دەبێت لەڕاست و دروستی هەواڵەكە.

ئەگەر هاتوو هەواڵەكە چاكەو خێری تێدابوو بۆ موسڵمانان ئەو كاتە پێویستە لەسەر موسڵمان ئەو هەوالآنە پشت ڕاست بكاتەوە و پاشان بلاّویان بكاتەوە وەچەندەها مرۆڤ ئینتەرنێت وەكو سەرچاوەیەك بەكاردەهێنێ وائەزانێ سروشەو هەڵەی تێدانی یە.

وەپێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (( كفى بالمرء كذبا أن يحدث بكل ما أسمع)) رواه مسلم, واتە: ئەوەندە

بەسە مرۆڤ بەدرۆزن ئەژمار بکرێت کە گوێی لەهەر شتێك بوو بیگێڕێتەوە.

وەخوای پەروەردگار فەرموویەتی: {وَإِذَا جَاءهُمْ أَمْرٌ مِّنَ الأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُواْ بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُوْلِي الأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنبِطُونَهُ مِنْهُمْ وَلَوْلاَ فَضْلُ اللّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لاَتَّبَعْتُمُ الشَّيْطَانَ إِلاَّ قَلِيلاً} النساء٨٣

وەزانای پایەبەرز (عبدالرحمن السعدی) دەربارەی ئەم ئایەتە دەفەرموێت: ((لەم ئایەتە خوای پەروەردگار فێری ئیمانداران دەکات هەر هەواڵ و دەنگ و باسێکیان بیست پێویستە ڕاستەوخۆ بلاۆی نەکەنەوە بۆیە هەرهەواڵێك کەپەیوەستە

بەموسـلْمانانەوە پێویسـتە بگەڕێتـەوە بـۆلای زانایـانی ئایینی و پاشان ئەوانەی کەخاوەنی هزرو بیرو زانست و ڕاوبۆچـوونن, کـەدەتوانن چاکسـازی و چـاکەخوازی جیابکەنەوە لەگەندەڵی و خراپـەکاری بەشـێوەیەك بـیر دەکەنـەوە ئەگـەر ئـەو هەواڵانـە دڵخۆشـکەر بێـت بـۆ ئیمانـداران و سـوودی تێـدابێت بـلاّوی دەکەنـەوە بەپێچـەوانەوە ئەگـەر تـاوان و زیـانی تێـدابوو بـۆ موسڵمانان ئەوە دایدەپۆشن و بلاّوی ناکەنەوە.

بۆیـە خـوای پـەروەردگار فەرموویـەتی: ﴿...لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنبِطُونَهُ مِنْهُمْ ...﴾ سورة النساء(٨٣), واتـە: ئەوانە خاوەنی زانست و بیروڕان دەگەنە ئەنجام بەهۆی ژیری و زانستیانەوە.

دانایی ئەوەیە مرۆڤ ڕاوبۆچوونی خۆی بپارێزێ و ئاشکرای نەکات تاوەکو ڕووداوێك پێویستی دەکات وەپێویستە دووربین و ڕاوێژکاریش بێت.

کەسی بزێوو هەڵەشە پێش ئەوەی زانستی بێت ووتە دەردەبڕێ و پێش ئەوەی تێ بگات وەڵام ئەداتەوە و پێش ئەوەی تاقی بکاتەوە ستایشی خەڵك دەکات وەسەرزەنشتی خەڵك دەکات دوای ئەوەی سوپاس کراون. وەبزێوی و هەڵەشەیی پەشیمانی لەدوایە وەلەسەرخۆی و هێمنی بێوەی و سەلامەتی لەدواوەیە.

### ٥. خوای پەروەردگار چاودێرە:

جـــوانترین ئامۆژگاریـــەك بـــۆ مـــرۆڤ ((چـــاودێری خودایـە)). هەرکەسـێك خـودا بكـات بەچـاودێر بەسـەر خۆیـەوە ئـەوە سـەلامەت و پـارێزراو دەبێـت لـەتاوانی ئینتەرنێت.

مرۆڤی موسڵمان بەجوانی لەم ناوەڕۆکە تێ دەگـات و بیری لێ دەکاتـەوە چـونکە پـەنهانی هـەموو لای خـوا ئاشکرایە وەهەرکاتێك مرۆڤ کارێکی بـەنهێنی ئەنجامـدا (چـاك بـوو یـان خـراپ) خـوای پـەروەردگار ئاشـکرای دەکات.

* * * * * *  *

*(باوکی حازم سەلەمەی کوڕی دینار) فەرمویەتی:

((هەرکەسێك پەیوەندی نێوان خۆی و خوای چاك بکات ئەوە خوای پەروەردگار پەیوەندی نێوان ئەو مرۆڤە و خەڵکی چاك دەکات, وەبەپێچەوانەوە هەرکەسێك پەیوەندی نێوان خۆی و خوا تێك بدات ئەوە خوای پەروەردگار پەیوەندی نێوان ئەو و خەڵکی تێك دەدات.

وە ئەگەر خوای پەروەردگار یەکێکی خۆش بوێت ئەوە خەڵکیش ئەو کەسەیان خۆش دەوێت وەهەرکەسێکیش خوا ڕقی لێ بێت ئەوە خەڵکیش ڕقیان لێ دەبێت.

*(معتمر كوڕی سلێمان) دەفەرموێت: ((مرۆڤ لەنهێنی شەودا تووشی تاوان دەبێت بەڵام كەڕۆژ بوویەوە كەساسی و داماوی تاوانەكەی پێوە دیار و ئاشكرایە)).

*(ابن الجوزی) دەفەرموێت: ((مرۆڤ زۆرجار تاوانێك بەنهێنی ئەنجام دەدات خوا پێی ناخۆشە, خوای گەورە ئەو تاوانە ئاشكرا دەكات ئەگەر دوای ماوەیەكی زۆریش بێت وەخەڵكیش باسی تاوانبارەكە دەكەن ئەگەر بەرچاویشیان نەكەوتبێت.

وە ڕەنگە هەندێك جار خوای پەروەردگار لەنێو خەڵكدا ئابڕووی مرۆڤی تاوانبار ببات بۆ ئەوەی هەرچی تاوانی هەیە ئاشكرابێت وە بۆ ئەوەی بزانرێت خوای

پەروەردگار کردەوەی هیچ کەسێك وون ناكات تاوانبار بێت یان چاکەکار, خۆ ئەگەر چاکەکاریش بێت ئەوە خوای پەروەردگار چاکەی ئەو کەسە ئاشکرا دەکات بۆ ئەوەی خەڵکی خۆشیان بوێت)).

*(ابن الجوزی) دەفەرموێت: ((کردەوەی کەنارگیری زۆرجار سەرئەنجام ئاشکرا دەبێت.

چەندەها خواپەرست هەیە لەپەنهانی و نهێنی دا لەبەر سزای خوا یان لەبەر گەورەی خوا واز لەئارەزووەکانی دەهێنێت بۆنی خۆشی چاکەی ئەو کەسە لەنێو خەڵکدا بلاّودەبێتەوە بێ ئەوەی بزانن ئەو کەسە لەکوێیە ! !

وەهەرچـەندە ئـەو مرۆڤـە لـەتاوان دووربکەوێتـەوە ئەوەندە بۆنی خۆشی چاکەکانی زۆرتر دەبن, وەهەندێ جـار دوای مردنـی پیـاوێکی چـاك بـۆنی خۆشـی هـەر دەمێنێتەوە وەخـەڵکی بەچـاکە باسـی دەکـەن و نـاوی دەبـەن نموونـەی زانایـانی خوانـاس هەنـدێکیان دوای سەدساڵ لـەمردنیان بـاس دەکـرێن وەهەنـدێکی تریـان ناویـان هـەر دەمێنێتـەوە تـاوەکو ڕۆژی دوایـی بـەپێی کردەوە چاکەکانیان.

بەڵام ئەگەر مرۆڤێك تاوانباربوو ئەوە بۆنی ناخۆشی تاوان بەنێو خەڵکدا بڵاودەبێتەوە تاوەکو خەڵکی ڕقیان لێ دەبێت)).

*(ابو الدرداء) دەفەرموێت: ((مرۆڤ تاوانێك دەكات لـەنهێنی دا خـوای پـەروەردگار ڕق دەخاتـە دڵـی ئیماندارانەوە بەرامبەر بەو مرۆڤە بێ ئەوەی ئەو مرۆڤـە هەست بكات)).

*(ابـن الجـوزی) دەفـەرموێت: ((هەرچـەندە مـرۆڤ خـوای پـەروەردگار بەگـەورە بزانـێ و ڕێـز لەپەرستشەكانی بگـرێ ئەوەنـدەش خـەڵك ئـەو مرۆڤـە بەگەورە دەزانن و ڕێزی لێ دەگرن)).

* * * * * * *

## چەند تێڕامانێك سەبارەت بە بەكارهێنانی ئینتەرنێت

**١- ئینتەرنێت و بانگەواز بۆ ڕێگەی خوا, ئەم بانگەوازەیان بۆ بانگەوازخوازانی ڕێگەی خوایە.**

بانگەواز خواز دەتوانێت سوودی گەورە لەم داهێنانە وەربگرێ، وە هۆكارێكی گەورەی بلاْوكردنەوەی نووسین و بابەتە شەرعی یەكانە كەخەلْكی ئەتوانن سوودمەندبن لەڕێگەی پێگە ئیسلامی یەكانەوە, وە لەگەلْ هەر گۆڕانێكی تازە دەتوانیت پەیوەندی بكەیت بەزاناو پیاوە ناودارەكانی بواری بانگەوازەوە كەوەلاْمی پرسیارەكانت بدەنەوە.

وە خەلْكێكی زۆری بیانی لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە بوون بەئیسلام و موسلْمان بوونی خۆیانیان ئاشكرا كردووە.

## ٢- ئینتەرنێت و بەکارهێنانی بۆ مەبەستی خراپ:

ڕاستە ئەم تۆڕە سوودی هەیە بەڵام زیانی زۆرترە لە سوودی. وە خەڵكی تووشی نەخۆشی كات كوشتن كردووە, بەشێوەیەك هەر منداڵێكی ئەمەریكی لە ٦سەعات_١٠سەعات ڕۆژانە ئینتەرنێت بەكاردەهێنن, بۆیە دایك و باوكەكان ناچاربوون چاودێری بخەنە سەر منداڵەكانیان بۆ ئەوەی بۆ مەبەستی خراپ بەكاری نەهێنن, وە نیشانەی بێزاری بەڕووخسارياندا دیارە لەبڵاوبوونەوەی ئەو هەموو بابەتە خراپانەی كە لەئینتەرنێتدا ڕۆژ بەدوای ڕۆژ

لەزیادبوندایە. ئەمە ئەگەر بێ باوەڕەکان ئەمە حاڵیان بێت دەی دەبێت ئێمە چی بکەین؟!

وە زیانی ئەم تۆڕە زۆر زۆرە, سەرژمێری کراوە لە ٧٠٪ خەڵك ئینتەرنێت بۆ مەبەستی خراپ بەکاردەهێنن, وە لە ٨٥٪ ئەمریکی یەکان بۆ مەبەستی بەدڕەوشتی بەکاری دەهێنن, وە لە ٩٥٪ گەنجەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەچنە پێگەی خراپەوە.

وە حەزدەکەم سەرنجتان بۆ ئەم بەسەرهاتە ڕاستی یە ڕابکێشم کە ئافرەتێك دەیگێڕێنەوەو دەڵێت: من خاوەنی سێ مندالّم, مێردەکەم پیاوێکی لەخواترس بوو و نوێژی بەیانیانی لەمزگەوت دەکردو ڕۆژەکانی

تەرخان کردبوو بۆ خودا پەرستی بەتایبەتی ڕۆژی هەینی تەرخان کردبوو بۆ سەردانی هەژاران و نزیکەکانی, بەڵام کەئەم تۆڕەی بەکارهێنا "تۆڕی ئینتەرنێت", سەرئەنجام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ سیس تر دەبوو لەپەرستشەکانی بەوێنەیەك نوێژەکانی لەکاتی خۆی نەدەکرد وە زۆربەی کاتەکانی تەرخان کردبوو بۆ پێگە خراپەکان لەپێناوی ئارەزووەکانی وە منی تەواو پەرێزاو خست بوو.

ئەی خوێنەری بەڕێز: خوای پەروەردگار دەفەرموێت: {يَعْلَمُ خَائِنَةَ الْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِي الصُّدُورُ} (١٩) سورة غافر

خوای پەروەردگار ئاگای لەهەموو شتەکانە نهێنی و ئاشکراکان, باش بزانە چێژی دونیا کاتی یە و کۆتایی پێ دێت. وە لەخوا بترسە کاتێك کەدەچیتە سەر ئینتەرنێت, خوا چاودێرە بەسەرتەوە ئاگات لێ بێت.

### ٣- ئالوودەبوون (مەست بوون) بەئینتەرنێت:

ئالوودەبوون تەنها بەمادە بێ هۆشکەرەکان نی یە, بەڵکو هەندێك خەڵکی ئالوودە دەبن بەئینتەرنێت, لەسیفەتەکانی ئەو کەسانەی کەئالوودە بوون (مەست بوون) بەئینتەرنێت:

١. حەزکردن و تەواو سەرقاڵ بوون بە ئینتەرنێت.

٢. هەست بەئازار کردن لەگەڵ دابڕان لەئینتەرنێت.

٣. دڵ تەنگی و بێزاری و نارەحەتی بەرووخساری کەسی ئالوودەبوو (مەست بوو).

٤. لەدەستدانی کارو پیشە.

٥. کەوتنە نێو گێژاوی تاوان و بەدکاری یەوە.

* * * * * * *

## ٤- چەند ئامۆژگاری یەك بۆ بەكارهێنەری ئینتەرنێت:

١) ئەگەر پێویستت نەبوو بەئینتەرنێت بەكاری مەهێنە وە ڕێگە بەمنداڵەكانت مەدە كەبەكاری بهێنن.

٢) ئەگەر پێویستت بەئینتەرنێت هەبوو ئەوا ئەم خاڵانە ڕەچاو بكە:

✓ ئەم تۆڕە ئینتەرنێتیە فەراهەم مەكە بۆ منداڵ و تازە پێگەیشتوو.

✓ پێویستە ئینتەرنێت كاتێك بەكاری دەهێنی سوودی هەبێت وەكو سوودی شەرعی (بانگەواز - بڵاوكردنەوەی زانست) یان بەكاربهێنری بۆ لێكۆڵینەوەو توێژینەوەی ماستەرو دكتۆرا, وە

پێویستە خۆت بپارێزیت لەبەکارهێنانی وەکو هۆکارێکی کات بەسەربردن یان گەڕان بەدوای ڕووداو کەهیچ پێویستیت پێ نەبێت.

✓ ووریاو ئاگاداربە ! شەیتان فریوت نەدات بەبیانووی بەشداربوون لەم تۆڕە بەناوی هەمەجۆرو ڕەنگاو ڕەنگ وە هەندێك جار بەناوی ((بانگەواز لەڕێگەی خوا)) . وە خۆت وەلامی ئەم پرسیارە بدەرەوە ئایا زۆربەی کات پێگەو ماڵپەڕی ئیسلامخوازان بەکاردەهێنی یان ماڵپەڕی بەدڕەوشتی و بەدکاری؟؟

**ئەی خوێنەری خۆشەویست:** پێویستە لەسەرمان پەیوەست بین بەئاینمان و بەڕەوشتمان وەهەوڵ بدەین ڕۆژ بەدوای ڕۆژ ڕەنگ دانەوەی زیاتر لەووتەو کردەوەمان دەرکەوێت, وە تاوان بچووك بێت یان گەورە هەر سەرپێچی یە کەواتە تۆ بیر لەگەورەو بچووکی تاوان مەکەرەوە بەڵکو بیر لەگەورەی ئەو زاتە بکەرەوە کەسەرپێچیت کردووە کەئەویش ((خوای پەروەردگارە)). وە پێشینانی ئێمە باشترین نموونەی خوداپەرستی بوون, ئەوەتا (( ربیع کوڕی خیثم)) ئەوەندە چاوی بەرامبەر تێڕوانینی ئافرەت نووقاندووە ئافرەتەکان واگومانیان بردووە کەکوێرە.

# ئینتەرنێت دەروازەیەک بۆ تاقی کردنەوەی

**کەواتە برای بەڕێزو خوشکی ئازیز:** کاتێك مۆبایلەکەت بە دەستەوەیە و لەسەر ئینتەرنێتیت بیربکەرەوە خوا چاودێرە, خوا بیسەرو بینەرە. بۆیە خۆت لە ماڵپەڕە خراپەکان بە دوور بگرە, وە ئەو پێگەیەش کەمایەی ئاشنابوونتە بەئاین و ڕەوشت خۆتی تێدا زیاتر شارەزابکە.

* * * * * * *

# کۆتایی

کەواتـە ئـەی ئیمانـدار ئـەبێت ئاگـاداری زیانـەکانی ئینتـەرنێت بیـت بـەڵام ئەمـەش مانـای ئـەوە نیـە بـۆ کاروبـاری چـاکەکاری بەهـەمان تێـڕوانین بـۆی بـڕوانین بەڵکو هەرکەسێك توانای هەبێت دەتوانێـت لـەکاروباری بانگـــەوازو چـــاکەکاریدا بـــەکاری بهێنـــێ وەســـوود لەئینتەرنێت وەربگرێ بەدوور لەهەر تاوانێك.

برای بەڕێزم بەچەند پرسیارێك ماڵئاوایت لێ دەکەم:

ئایـا هەسـت بەدڵتـەنگی و لاوازی ناکـەیت کاتێـك چاوت بڕیوەتە ئافرەتێکی ڕووت؟

ئایـا هەسـت بەڕەشـبینی و دووری لـەخوا ناکـەیت کاتێك جنێو بەکەسێك دەدەیت؟

ئایـــا هەســـت بـــەبێزاری ناکـــەیت کاتێـــك چـــەند کاتـــژمێرێك بـــەبێ ســـوود کـــات لەئینتـــەرنێت بەســـەر دەبەیت؟

بەپێچەوانەوە

ئایا هەست بەئارامی ناکـەیت کاتێـك ئینتـەرنێت بـۆ کاری چاکە بەکاردەهێنی و دووریت لەتاوان؟

ئەمانەو چەندین پرسیاری تر کـە پێویسـت دەکـات بەهێمنی و ژیری تێبفکری و بەدوای وەڵامێکـی دروسـت دا بگەڕێی بۆیان .

وصلَّى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم .

ستافی ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org walamakan.com